# كارنامەی پارتە سەرەکییە بەشداربووەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان
# لە ساڵی ٢٠١٣ دا، بواری گواستنەوە بە نمونە
## لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی دا


پ.د.جزا تۆفیق تالیب
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا

م.ی احمد رفیق کەریم م.ی شاد حمید محمد
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا


## پێشەکی

گەر گواستنەوە لە پێناسەیەکی سادە دا بریتی بێت لە جوڵەو جێگۆڕکێی مرۆ و ئاژەڵ و شمەك لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، ئەوا ئەم چالاکییەی مرۆ هاوکات بووە لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆ لەسەر زەوی، لەگەڵ زۆر بوونی ژمارە مرۆڤەکان و ئاڵۆزتر بوونی ژیانیان ئەوا گرنگی ئەم کەرتە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بووە، بەلاَم ئەم گرنگیە زۆر زیاتر بوو پاش دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوایەتی و گواستنەوە زۆر پەرەی سەند و چەندین هۆکار و ڕێگای نوێی گواستنەوە داهێنران.نەك هەر ئەوەش بوە کالآیەك بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن،پارتە ڕامیارییە کوردییەکانی بەشدار لە بانگەشەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٠١٣ نەك هەر گواستنەوەیان کرد بە هۆکارێك بۆ نمایش کردنی کاندید و بەرنامەی هەڵبژاردنەکانیان، بەڵکو بەهۆی بەڵێنەکانیان بەباشترکردنی ئەم کەرتە لەم بارودۆخە پاشا گەردانیەی ئێستا و لە ئەگەری گەیشتنیان بە دەسەلآت مەبەستیان بوو دەنگێکی زیاتری دەنگدەران بەدەست بهێنن.

چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە:

چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکەمان بریتیە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی ژێر قەڵەم ڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە:

چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکەمان بریتیە لە پرۆسەی بانگەشەی لە هەڵبژاردن لە کۆتایی ئابی ٢٠١٣ و پاشتر پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی هەڵبژاردن و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، بەلام بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە و بەمەبەستی دەرخستنی بەراوردکاری لە هەندێك کاتدا ئاماری ساڵانی پێشوتریشمان بەکارهێناوە.

کێشەی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا چەند کێشەیەکمان خستۆتە ڕوو تایبەت بە گرفتی گواستنەوە و بە دیاریکراوی مەبەستمان لە گواستنەوەی ووشکانی و ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلە، ئەوانیش بریتین لە:

١- ئایا گرفتێك هەیە لە هەرێم کوردستاندا بە ناوی گرفتی گواستنەوە؟ کێ لەم گرفتە بەر پرسە؟ بۆ تا ئێستا ئەم گرفتە بەردەوامی هەیە؟

٢- ئایا بەڵێنەكانی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پارتە ڕامیارییەكانی تایبەت بە گواستنەوە جێ بەجێ كران پاش پێكهێنانی كابینەی نوێی حكومەت؟هۆكاری جێبەجێ نەكردنی بەڵێنەكانیان چی بوو؟ئایا كەی بەڵێنەكانی جێ بەجێ دەكرێن؟

گریمانەی توێژینەوەكە:

١- یەكێك لەو گرفتانەی كە ئێستا بەرۆكی حكومەت و گەلی كوردستانی گرتوە بریتیە لە گرفتی گواستنەوەی ووشكانی و ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل، ئەمەش دەرئەنجامی كەڵەكە بوونی گرفتەكانی پێشوو نەبوونی پلانێكی تۆكمەی زانستییە لەم بوارەدا بە جۆرێك بالانس نییە لەنێوان زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و هاوردەكردنی ئۆتۆمبێل و زیادكردن و فراوانكردنی شەقامەكان.

٢- پارتە ڕامیارییەكان ئە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە ساڵی ٢٠١٣دا بەڵێنی باشتركردن و پێشخستنی ئەم كەرتەیان دا بە هاوڵاتیان لە ئەگەری گەیشتنە دەسەڵات، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت ئەم بەڵێنانە جێ بەجێ نەكراون، ئەویش لەبەر كۆمەڵێك گرفتی ڕامیاری و ئابوری وسەربازی و كارگێڕی...

گرنگی توێژینەوەكە:

توێژینەوەكە چەند گرنگییەكی هەیە، لەوانە:

١- خستنە ڕووی كارنامەی پارتە بەشدار بووەكان(پێنج پارتە سەرەكییەكە)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی ساڵی ٢٠١٣.

٢- خستنەڕووی بەرنامەی كابینەی هەشتەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان تایبەت بە پرسی گواستنەوە.

٣- هەڵسەنگاندنی بەرنامەی تایبەت بە گواستنەوەی پارتە ڕامیارییەكان و حكومەتی هەرێمی كوردستان.

٤- خستنەڕووی بارودۆخی گواستنەوە لە هەرێمی كوردستان، پاش گەیشتنی پارتە ڕامیارییە سەرەكیان بە دەسەڵات و بەراورد كردنی بە بارودۆخی پێش پێكهێنانی كابینەكە.

ئامانجی توێژینەوەكە:

چەند ئامانجێك لەپشت ئەنجام دانی توێژینەوەكەوەیە لەوانە:

١- باس كردن و هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی گواستنەوە لە هەرێمی كوردستاندا.

٢- خستنەڕووی كارنامەی پارتە ڕامیارییەكان لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردن و ڕادەی جێ بەجێكردنی بەڵێنەكانیان پاش گەیشتن بە دەسەڵات.

٣- هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەم كەرتە لە كاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و ڕۆژانی دوایی تا دەگات بە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان و بەراوردكردنی بە پێش پرۆسەی بانگەشە.

میتۆدی توێژینەوەكە:

سود لە میتۆدی شیكاری و بەراورد كاری و میتۆدی مێژووی وەرگیراوە، لە باس كردن وشیكردنەوە بۆ داتاكان و ڕاستییە جوگرافییەكانی ئەم پرسە.

گرفتی توێژینەوەكە:

گرفتی سەرەكی توێژینەوەكەمان دەستنەكەوتنی داتای تایبەت بوو لە بواری توێژینەوەكە، بۆیە لە هەندێك كاتدا ناچارین دوو ئاماری جیاواز وەربگرین، یان داتاكانی پارێزگایەك بكەین بە سەمپڵ لەبری ڕاستییە جوگرافییەكانی هەرێم شیكردنەوەی لەسەر بكەین.

پەیکەی توێژینەوەکە:

وەك ستانداردێکی ئەکادیمی، دەبێت توێژینەوەکە دابەشی چەند بەش و باسێك بکەین، بۆیە ئەم توێژینەوەیەمان دابەشی دوو بەشی سەرەکی کردووە و پاشانیش هەر بەشێکمان دابەشی چەند باسێکی لاوەکی کردوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

بەشی یەکەم: گواستنەوە و هۆکارەکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان دا: ئەم بەشمان دابەشی سێ باسی لاوەکی کردووە کە بریتین لە: باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، باسی دووەم: ناساندنی گواستنەوە،باسی سێیەم: هۆکارەکانی گواستنەوە.

بەشی دووەم: کارنامەی پارتە سەرەکییەکانی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردن تایبەت بە گواستەوە و هاتووچۆ:
ئەم بەشەمان دابەشی سێ باس کردووە کە بریتین لە: باسی یەکەم: گواستنەوە لە کارنامەی پارتە بەشدار بووەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، باسی دووەم: گواستنەوە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، باسی سێیەم: پرسی گواستنەوە کابینەی هەشتەمدا.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری لەسەر ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بخەینەڕوو، لەڕێگای دەستنیشانکردنی شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی شێوازەکانی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە هەرێمدا، لەڕێگای بەکارهێنانی چەندین ئامارو شیکردنەوەی زانستیانەوە.

### باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

مەبەست لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خۆدەگرێت، لە هەرسێ پارێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان پێکهاتووە، ڕووبەرەکەیان (٤٤) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. واتە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە سنووری پارێزگاکانی نەینەوا و سەلاحەین و کەرکوك و دیالە لە خۆناگرێت[1].

لەڕووی شوێنی جوگرافیەوە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەوێتە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی عێراق ، سنوری هاوبەش پێکدەهێنێت لەگەڵ وولاتی ئێران لەخۆرهەڵاتەوە و وولاتی تورکیا لە باکوور و وولاتی سووریا لە خۆرئاوا، لە باشوورەوەش سنووری لەگەڵ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دا هەیە. ئەمەش هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ دروستبوونی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکردن. لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە، دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٤,١٥° –٣٧,٢٢°)باکوور و لە نێوان هەردوو هێڵی درێژی (٤٠,٢٠° –٤٦,٢٠°)ڕۆژهەلات. واتە دەکەوێتە باشووری ناوچەی ئاووهەوای مامناوەندی باکوورەوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).

کەواتە وەك لە نەخشەکەشدا دەبینین هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی داخراوە واتا نەگەیشتووە بەدەریا و زەریاکان(ڕووبەری ئاوی) بۆیە تەنها گواستنەوە لەم هەرێمەدا گواستنەوەی ووشکانی و ئاسمانییە واتە گواستنەوەی ئاوی بوونی نیە لە هەرێمەکەدا.

(١) بۆ زیاتر وەرگرتنی زانیاری بڕوانە:

١-أقليم كردستان–عراق، رئاسة مجلس الوزراء، وزارة التخطيط،هيئة أحصاء أقليم، مجموعة الآحصائية رقم (١)لسنة ٢٠٠٧، منشورة، ص٧.

٢–حکومەتی هەرێمی کوردستان، پوختەیەك دەربارەی هەرێمی کوردستان. http://cabinet.gov.krd/(٢٥ئابی ٢٠١٥).

## باسی دووەم: ناساندنی گواستنەوە:

بۆ تێگەیشتن لە زانستی جوگرافیا پێویستە سەرەتا لە چەمکی گواستنەوە بگەی، چونکە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمە جوگرافییەکان دەگۆڕێت بەهۆی چالاکی گواستنەوەوە تا هەرێمەکان لەیەکتر نزیکبن و جوگرافیای هەرێمەکان جیاوازبن و تەکنەلۆژیا بەرەو پێش بڕوات پەیوەندی نێوان هەرێمەکانیش دەگۆڕێت. لە کاتی ئێستادا ئەگەر لێکۆڵینەوە لە جوگرافیای گواستنەوە بکەین دەبینین زیاتر لەمانایەك هەڵدەگرێت، چونکە گواستنەوە تەنها بریتی نییە لە گواستنەوەی خەڵك و شمەك بەڵکو بەپێی پێداوستیەکانی مرۆڤ و چاخەکان دەگۆڕێت. پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە جیهاندا بووە هۆی پێشکەوتنی گواستنەوە، مەبەستیش لە گواستنەوە بریتییە لە بڕینی دووری شوێنییە، ئەم دووریەش ماناکەی دەگۆڕێت بەپێی ئەم شێوازانەی لای خوارە[٢]:

١–دووری سرووشتی :پێوانە دەکرێت بە میل و کم.

٢–دووری کاتی :پێوانە دەکرێت بەکاتژمێر و ڕۆژ.

٣–دووری ئابووری :ئەمەش مەبەست لە تێچوونە کە بە دراو دەپێورێت.

٤–دووری کۆمەڵایەتی :مەبەست لە ئاسانی گەیشتنە.

جوگرافیناسەکان گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی جیاوازی شوێنی وایکردووەە گواستنەوە بەرەو فراوانبوون بڕوات وە دۆزینەوەی ئەم جیاوازیەش هەر لەڕێگەی گواستنەوە بوو، کەواتە چالاکی گواستنەوە دەتوانی بە کلیلی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هەرێمە جوگرافییەکان دابنێین. هەر ئەم هۆکارەش بوو کە لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە جوگرافیناسەکان هەستیان بەجیاوازی شوێنی کردووە کە کاریکردۆتە سەر بەرەوپێشچوونی جۆرەکانی گواستنەوە و دابەشبوونی جوگرافی گواستنەوە، ئەگەر ئێمە بتوانین ئەم جیاوازییانە لە ڕێگەی چالاکی گواستنەوە بزانین کەواتە بۆماندەردەکەوێت بەم هۆیانەوە کە جوگرافیناسەکان جوگرافیای گواستنەوە بەکلیلی دۆزینەوە نوێیەکان داناوە. زانستی جوگرافیا لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی گرنگی بەگواستنەوە دەدات[٣].:

١–گواستنەوە چالاکییەکی مرۆیی گرنگە، شوێنێکی گەورە لەخۆدەگرێت،لەم ڕووەوە بۆتە سەرچاوەیەکی نهێنی لێکۆڵینەوەی جوگرافیا، وەك لێکۆڵینەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی.

٢–چالاکییەکانی گواستنەوە گرنگ و کاریگەرە لەسەر بنیاتنانی شوێنی زۆرینەی چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.

چەندین جوگرافیناس گرنگیان داوە بەم لقەی جوگرافیاو پێناسەیان بۆ کردووە،گرنگترینیان بریتین[٤]:

١–باراك فیری دەڵێ (هۆکارێکە کە لەڕێگەیەوە مرۆڤەکان و شمەکەکان دەگوێزێتەوە بۆ ناوچەیەکی تر).

٢–برادفۆرد دەڵێت(گواستنەوە بریتییە لە جوولەی شمەك و تاك و بیروڕا لە ناوچەیەکەوەبۆ ناوچەیەکی تر).

٣– موریاداس دەڵێ (گواستنەوە جوڵەی تاك و شمەك و زانیاری و بیروڕایە).

بەڕوانین لەم پێناسانەی سەرەوە دەبینین بەشێوەیەکی سادە باس لە گواستنەوە دەکەن تەنها گرنگی دەدەن بە جوڵەی بەبێ ڕەچاوکردنی هۆکارەکان و جۆرەکانی ئەو جوڵەی کە بەکاریدەهێن و گرنگی ئەم جوڵەیە لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا.

---

(٢)أحمد حسون السامرائي و عبد خليل فضيل، جغرافية النقل و التجارة الدولية، دار الحكمة، ١٩٩٠،ص ١١.

(٣)مصدر نفسة، ص ٢٠.

(٤)سعيد عبدة، أسس جغرافية النقل ، ط١، الأنجلو، قاهرة، ص١٥. و محمد أزهلر سعيد السماك و أخرون، جغرافية النقل بين المنهجية و التطبيق، ط١، دار بن الأثير،موصل، ذ٢٠٠٨، ص٢٧.

نەخشەی ژمارە (١)

شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

١– هۆشیار محمد امین خۆشناو، هاشم یاسین حداد، سردار محمد عبدالرحمن، نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢– ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا)،چ١، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٦٤.

٤–کۆمەڵەی زمانی عەرەبی دەڵێت (بریتییە لەو چالاکییەی کە هەڵدەستێت بە گۆڕانی شوێنی شمەك و مرۆڤ بە هۆکاری جۆراوجۆر ووشکانی و ئاو و ئاسمانی).

ئەم پێناسەیە گشتگیرە جۆری چالاکییەکە دیاریناکات و ئەم بەشە جیادەکاتەوە لە گەیاندن.

٥–محمد سماك دەڵێت(جوگرافیای گواستنەوە لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای ئابووری کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی شوێنی تۆڕی ڕێگاکان و پێکهاتەکەیان و گەشەکردنیان بەهەموو جۆرە ئاستە جیاوازەکانی ئەو شوێنە لە سەر ئاستی هەرێمی وە پێکهاتەی جۆری لە جوڵەی شمەك و مرۆڤ و سەرمایەدار و زانیاری و بیروڕا)یان(جوگرافیای گواستنەوە لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای ئابووری کە گرنگی دەدات بە باسکردن و ڕوونکردنەوە و دابەشبوونی دیاردەکانی گواستنەوە وەك دیاردەیەك لە دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی .کە لێکۆڵینەوە دەکات لە هەموو جووڵە جیاوازەکان بەسەرجەم شوێنە جیاوازەکانیشەوە).

لەم پێناسەو زۆر لە پێناسەکانی جوگرافیناساندادەرەکەوێت کە توێژەران ئەم لقەی جوگرافیا بەتەواوەتی بەبەشێك لە جوگرافیای ئابووری دادەنێت بەڵام لە کاتی ئێستا ئەگەر لەم بابەتە بکۆڵینەوە، جووڵەکان بەتایبەت ئاڵوگۆڕکردنی بیروورا هێندەی دەچێتە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هێندە سوودی نییە بۆ جوگرافیای ئابووری. ئەمە جگە لەوەی بیروڕاو زانیاری زیاتر بەهۆکارەکانی(أتصالات)دەگوێزرێتەوە نەك گواستنەوە، کەواتە لێرەدا ئەم بیرۆکەیە بەووردی نەخراوەتە ڕوو.

لەمەوە بۆمان دەرەکەوێت بۆچوونەکان جۆراوجۆرن سەبارەت بەپێناسەکردنی جوگرافیای گواستنەوە،هەروەها باسکردن لەم بابەتە مێژوویەکی کۆنی هەیە،لەبەر ڕۆشنای ئەم بیرۆکانە و بەسوود وەرگرتن لێیان دەتوانین بڵێین:

جوگرافیای گواستنەوە لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای مرۆیی، گرنگی دەدات بەو هۆکارە جۆراوجۆرانەی مرۆڤ و پێداوستیەکانی مرۆڤ دەگوازێتەوە بە ڕێگای (ووشکانی، ئاووی، ئاسمانی) شێوازی دابەشبوونی جوگرافی ئەم هۆکارانە تا لەم ڕێگەیەوە بتوانێ شیکار و گۆڕانکاریان بۆ بکات و بەرەوپێشەوایان ببات.

مەبەستە سەرەکیەکانی ئەم پێناسەیە بریتین لە:

جوگرافیای گواستنەوە تەنها خزمەت بە ئابووری ناکات بۆیە ناکرێت بە بەشێك لە جوگرافیای ئابووری دابینێن.

ئاماژەپێکردنی جۆرەکانی ڕێگای گواستنەوە(ووشکانی، ئاووی، ئاسمانی) بۆ ئەوەیە کە ئەم بەشە جیابکەینەوە لە جوگرافیای گەیاندن.

ئاماژەپێدان بەپێداوستیەکانی مرۆڤ بۆ ئەوەیە مرۆڤەکان پێداوستیەکانیان سنوردارنیە بەپێشکەوتنی تواناکانی مرۆڤ دەگۆڕێت بۆنموونە لە پێناسەکانی سەرەتادا تەنها ئاماژە بە شمەك کراوە بەڵام لە پێناسە نوێیەکاندا ئاماژە بەسەرمایەو پارە دەکرێت کەواتە دەکرێت کەرەستەکانی گواستنەوە بەدرێژای مێژوو گۆڕانی بەسەردا بێت.

## باسی سێیەم: گواستنەوە بە ئۆتۆمبێل

ئەم جۆرە کۆنترین گواستنەوەیە لە هەرێمی کوردستاندا، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم کاتێك بەریتانیەکان دوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕێگای هاملتۆنیان دروستکرد لە ناوچەکەدا[٥]، بەردەوام گەشەیکردووە بەپێی ئەو قۆناغە جۆربەجۆرانەی کە ناوچەکە بەخۆیەوە بینیووە لە ڕووی سیاسی و

(٥)- جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في أقليم كردستان ،ط١، مركز كردستان للدراسات الآستراتيجية، سليمانية،٢٠٠٥.، ص٣٥٣.

ئابووری ، جوگرافیای ناوچەکەش ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەسەر گەشەکردن و شێوازی درێژبوونەوەی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەتایبەت تۆبۆگۆافیا، لەم بەشەدا گرنگی دەدەین بە ئۆتۆمبێل و شێوازی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل و دابەشبوونی جوگرافیان بەسەر یەکە جوگرافیە جیاوازەکاندا.

یەکەم: ئۆتۆمبێل:

سەرەکیترین هۆکاری گواستنەوەی هەرێمی کوردستان ئۆتۆمبێلە، بەهۆی بارودۆخی جوگراف و سیاسی ناوچەکەوە بەتایبەت بۆ گواستنەوەی ناوخۆی ناوچەکە تاکوو ئێستا تاکە هۆکاری گواستنەوەیە و بەشێکی زۆری بازرگانی و جوڵەی هاوڵاتییان بۆ دەرەوەی سنووری هەرێم هەر لەڕێگەی ئەم هۆکارەوەیە سەبارەت بە ژمارەی ئۆتۆمبێل تا کۆتایساڵی ٢٠١٤دا ( ١٢٥٤٥٠٢)[٦] ئۆتۆمبێلە لە هەرێمی کوردستاندا تۆمارکراوە.

دووەم: ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل:

هەرێمی کوردستانی عێراق لەبەرئەوەی بەشێکە لە وولاتی عێراق، بۆیە شێوازی درووستکردنی ڕێگاکانی بەو سیستمەیە کە لە عێراقدا پەیڕەو دەکرێت، هەندێکجار دەتوانین بڵێن بەشێوازێکی خراپتر یان کەموکورتی زیاتر لەو سیستمە دروست دەکرێت،جگە لە فاکتەری ڕامیاری و کارگێڕی ... فاکتەری سروشتی هەرێمیش تا ڕادەیەك بۆتە گرفت لەبەردەم دروستکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلدا. بۆیە دەبینین ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل زۆر گرنگی و بایەخی ئەوتۆی پێنادرێت تەنانەت داتایەکی ڕوونیش نیە ئاماژە بە درێژی ڕێگاکانی ناوشار و دەرەوەی شاری پارێزگاکانی هەرێم بکات، بۆیە ئێمە لێرەدا تەنها باس لە ڕێگاکانی دەرەوەی شار دەکەین، واتە ئەو ڕێگایانەی کە مەڵبەندی پایتەختی هەرێم و مەڵبەندی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان بەیەکدەگەیەنێت. کۆی درێژی ئەم ڕێگایانە(٥٢٨١.١)کم-ە ،ئەمەش دەبێت بە دوو بەشەوە:(بڕوانە خشتەی ژمارە (١) و نەخشەی ژمارە(٢))

أ-ڕێگای سەرەکی: یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکانی ناوچەکە کە هەرێم دەبەستێتەوە بە وولاتانی جیهان و لەناوخۆشدا شارەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم جۆرە ڕێگایە درێژیەکەی (٢٠٣٤,٩)کم.

ب- ڕێگای لاوەکی: بەتەواوکەری ڕێگای سەرەکی دادەنرێت، ناوەندی شارەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. درێژیەکەی (٣٢٤٦.٢)کم.

خشتەی ژمارە (١)

جۆر و درێژی ڕیگاکانی ئۆتۆمبیل لە هەرێمی کوردستاندا بە کم

| جۆری ڕێگا | درێژی (کم) |
|---|---|
| ڕێگای سەرەکی | ٢٠٣٤,٩ |
| ڕێگای لاوەکی | ٣٢٤٦.٢ |
| کۆ | ٥٢٨١.١ |

سەرچاوە: کاری تویژەران بە پشت بەستن بە:

Kurdistan highway master plan ,diagnostics review report, dar al handasa, 2010,p25

.

(٦)- بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

نەخشەی ژمارە (٢)

ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

١-هاشم یاسین حمد أمین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٧٦.

٢-Kurdistan highway master plan ,diagnostics review report, dar al handasa,2010,p54

**بەشی دووەم: کارنامەی پارتە سەرەکییەکانی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، تایبەت بە گواستنەوە و هاتوچۆ:**

هەر پارت و قەوارە و هاوپەیمانییەتیەکی ڕامیاری پێش چونە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە پلانی هەڵبژاردن و کارنامەی هەڵبژاردن دادەنێت، تا بە هۆیەوە بتوانن ئەو پرسانە بوروژێنن کە جێی گرنگی پێدانی هاوڵاتیانە و بە هۆی

ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەر بتوانن دەنگێکی زۆر بە دەست بهێنن* و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چ لەسەر ئاستی یەکەیەکی کارگێڕی بێت یان هەرێم یان نیشتمانی یان نێودەوڵەتی بە قازانجی خۆیان بشکێننەوە.

پارتە کوردستانیەکانیش وەك هەر پارت یان قەوارە یان هاوپەیمانیەتییەك، پێش چونە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە کارنامەیەکیان گەڵاڵە کردبوو لەسەر کۆمەڵێك پرسی ڕامیاری و ئابوری و زانستی و پەروەردە و کشتوکاڵ و تەندروستی... بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەرە و بردنەوەی پرۆسەکە لە قازانجی خۆی، هەر پارتێکی ڕامیاری کەم تا زۆر لەسەر پرسی گواستنەوە و باشتر کردنی ئەم کەرتە کۆمەڵێك بەڵێنیاندابوو بە دەنگدەرەکانیان لە ئەگەری سەرکەوتن و گەیشتنیان بە دەسەڵات، ئەمە و جگە لەوەی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان کرا بە ئامرازێك بۆ ئەنجام دانی بانگەشەی لایەنە سیاسیەکان و نمایش کردنی کارنامەکانیان و هێزی دەنگدەرەکانیان، بەڵام لە هەمان کاتیش دا ئەم کەرتە بوە قوربانی پرۆسەی بانگەشە و زۆرترین زیانی لێدرا(گیانی و مادی، یاسایی)، ئەمە جگە لە هەڵسەنگاندن بۆ کارنامەی کابینەی هەشتەم و کارو چالاکییەکانیان لەم بوارەدا لەماوەی نیوەی تەمەنی کابینەکە و خستنە ڕووی دەرئەنجامی خراپی پرسی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان.بۆ هەڵسەنگاندێکی وردی ئەم پرسە ئەم بەشەمان دابەشی سێ باس کردووە کە ئەوانیش بریتین لە:

## باسی یەکەم: گواستنەوە لە کارنامەی پارتە بەشدار بووەکانی پرۆسەی هەڵبژاردندا:

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر بەرنامەی هەڵبژاردنی پرۆسەی بانگەشەی پێنج پارتە سەرەکییەکەی کوردستان، پرسی ڕێگا و بان و گواستنەوە لە کارنامەکانیان دەخەینە ڕوو کە ئەوانیش بریتین لە کارنامەکانی :

١-　بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان** دا:

پارتی دیموکراتی کوردستان وەك یەکێك لە پارتە سەرەکیەکانی کوردستان لە ژێر دروشمی(پێکەوە بەرەو کوردستانێکی گەشتر) بە لیستی ژمارە(١١٠)چوە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٣، کارنامەکەی لە نامیلکەیەکی٧٦ لاپەڕەیی دا خستە ڕوو، ئەم نامیلکەیە بەسەر بیست و یەك تەوەری جیاجیادا دابەش کرابوو.تەوەری نۆیەم تەرخان کرابوو بۆ ژێرخان کە ئەمیش دابەش کرابوو بۆ پێنج سێکتەر لەوانە:

ب- سێکتەری ڕێگاوبان

" ئەم سێکتەرە کە شادەماری پێکەوە گرێکدانی شارو شارۆچکە و گوند و هەموو چالاکییە ئابوری و ژیارییەکانە لە ناوخۆدا و ناوخۆیش بە دەرەوە، جێی بایەخی زۆری دوێنی و ئەمڕۆ و سبەی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە. جێی شانازییە پارتی و سەربەرزییەتی کە لە ماوەی حوکمڕانێتی خۆی و هاوپەیمانەکانیدا، هەرێمی کوردستانی کاولکراوی بێ ڕێگاوبان و پرد، پەرەسەندی شایانی باسی بە خۆوە بینیوە.

*- بەمەبەستی ڕاکێشانی هەست و سۆز و هەڵوێستی کەسە بێلایەنەکانی ناو کۆمەڵگایە، کەرێژەیان(٥٠٪)کۆمەڵگا پێکدەهێنن و ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە یەکلایی کردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەمە جگە لەوەی پاڵێوراوان دەخوازن هەستن بە ڕاکێشانی هەست و سۆز و هەڵوێستی ئەو کەسانەی کە بڕیاریان داوە بە شێوەیەکی خۆڕسك بایکۆتی هەڵبژاردەکان بکەن، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پۆلێن کردنی دەنگدران، تکایە بڕوانە:نیاز سەعید عەلی،پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان،ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران،٢٠١١،ل٨-١٩.

**- پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی دیموکراتی نیشتمانیە، ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٦١ خەباتی چەکداری دژی حکومەتی عێراقی بەرپار کردوە، تا ئێستا ١٣ کۆنگرەی بەستوە، لە١٢حوزەیرانی٢٠٠٥تا ئێستا )سەرۆکەکەیان، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانییەکەی ٢٠١٣ هەرێمی کوردستان بوو توانی(٣٨)کورسی لە کۆی (١١١)کورسی پەرلەمانی کوردستان بباتەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دروست بوون و مێژوو پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم تکایە بڕوانە: پارتی دیموکراتی کوردستان، پرۆگرام، بە بێ زانیاری تر،ل١-١٤٤.بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆفایلی سەرۆکی هەرێم، تکایە بڕوانە:سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پرۆفایلی سەرۆك. http://www.presidency.krd/kurdish/pdisplay.aspx?sm=KozbdLBXCcM=(٢٠١٥/٢/٢٠)

داتاکان بۆمانی دەسەلمێنن کە چەندها پرۆژەی ستراتیژی لەم بوارەدا جێبەجێ کراون و چەندی تریش بەرێوەن، کۆی ئەم پرۆژانە لە ماستەر پلانیی تۆڕی ڕێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە کە بارودۆخی ڕێ و بان و پرد و تونێلەکانی ئێستای هەرێم دیاری دەکات و دەستنیشانی پێداویستییەکانی هەرێم لە ڕووی دروستکردنیانەوە تاکو ساڵی ٢٠٣٠ لە چوار قۆناغدا کە هەر قۆناغی ٤ ساڵ دەخایەنێ و دروست کردنی ڕێگای دووساید و یەك ساید و پرد و تونێل دەگرێتەوە.

ئەرکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە:

١- لە نزیکەوە چاودێری جێبەجێکردنی ئەم ماستەر پلانە بکات.

٢- هانی حکومەتی هەرێم و کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان بدات کە لە کاتی دیاریکراودا، پرۆژە دیاریکراوەکان تەواو بکەن.

٣- ئەنجامی پرۆژەی های وەی لە نێوانی هەموو شارەکانی هەرێم و خاڵە سنورییەکان.

٤- دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر بۆ پێکەوە بەستنی شارەکانی هەرێم و بەغداد و کەرکوك لە لایەك و گرێدانەوەی بە تۆڕی تورکیا لە لایەکی ترەوە.

ج- سکێتەری گواستنەوە و گەیاندن

لەماوەی ساڵانی ڕابووردودا هەرێمی کوردستان پەرەسەندنی گەورەی لە سێکتەری گواستنەوە و گەیاندندا کردووە و ئێستا هەرێم لە ڕێی دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانییەوە بە جیهانەوە بەستراوەتەوە و فرۆکەخانەی دهۆکیش لە تەواوبودایە، ئەمیش هۆکارێکی گرنگە لە گەشەکردن و پێشکەوتنی هەرێم بە گشتی لە ڕێی جموجوڵی گەرم و خێرای بازرگانی و وەبەرهێنان و گەشتیارییەوە. ئەوە وێرای ئەوەی کە کارئاسانی و دڵنەوای زۆری سیاسی بە وولآتانی جیهان بەخشیوە بۆ کردنەوەی قونسڵخانە و نوێنەرایەتییەکانیان لە هەرێم دا و ڕێگای لەبەردەم گرێدانی دەیان کۆنگرەی جیهانی و ئیقلیمی سیاسی و ئابوری و تەندروستی و پەروەردەیی و چالاکی هونەری و کلتوریدا ئاسان و مەیسەر کردووە. هاوکات خەڵکی کوردستانیشی بە دەرەوە بەستەوە و ئەو دیوارە پۆڵایینەی ڕووخاند کە لە نێوانی هاوڵآتیانی کوردستان و دەرەوەدا هەبوو.بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری پەرەسەندنی ئەم سێکتەرە دەکرێ تەماشای ئەم خشتە بەروارد کارییە بکەین لە نێوان ساڵی٢٠٠٦ و ٢٠١٢دا

| خزمەت گوزاری فرۆکەخانەکان | ساڵی ٢٠٠٦ | ساڵی ٢٠١٢ | زیادبوون |
|---|---|---|---|
| ژمارەی فرۆکەی هاتوو | ٣١٣٤ | ٥٧٧٨ | ٢٦٤٤ |
| ژمارەی فرۆکەی ڕۆیشتو | ٣١٣٧ | ٥٧٧٦ | ٢٦٣٩ |
| ژمارەی گەشتیارانی هاتوو | ١٢٨٦١١ | ٥٠٣٨٥٥ | ٣٧٥٢٤٤ |
| ژمارەی گەشتیارانی ڕۆیشتو | ١٣١٤٩٨ | ٤٨٨٤٢٩ | ٣٥٦٩٣١ |

هـ – سێکتەری شارەوانی:

لەم سێکتەرەدا کۆمەڵێك بابەتی هەمەجۆر خرابوە ڕوو، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە بریتی بوو لە چەند بەڵێنێك کە لیستی پارتی کاری بۆ دەکات لەوانە خاڵی یەکەم و خاڵی پێنجەم کە بریتین لە :

١-فراوانکردنی شارەکان بە پێی پلانی زانستی و پێداویستی هەنوکەیی و درێژخایەن لەگەڵ دابینکردنی هەموو خزمەتگوزارییەکانی شەقام و کۆڵانی قیرتاوکراو و کارەبا و ئاو ئاوەڕۆ و ناوچەی سەوزایی.

٥- دانانی یاسای تایبەت بە سەپاندنی دروستكردنی ڕووبەری سەوزایی لە ناو خانوبەرە و ئاپارتمان و كۆڵان و شەقام و بەردەمی دووكان و ماركێتەكان و سزادانی هەموو ئەوانەی سەرپێچی دەكەن[٧]."ئەگەر سەیر ئەم كارنامەیە بكەین لە هەموو كارنامەكانی تر دەوڵەمەندترە، بەڵام ئەگەری جێ بەجێكردنی لاوازە، چونكە جێ بەجێ كردنی ئەم بەڵێنانە لە توانای زانستی و ئابوری... حكومەتی هەرێمی كوردستان دا نیە.

٢- بەرنامەی بزوتنەوەی گۆڕان[*] دا.

بزوتنەوەی گۆڕان بە لیستی ژمارە (١١٧) وەك لایەنێكی تری سەرەكی بە دروشمی(ئیتر بەسە... كاتی گۆڕینیەتی) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستانی ساڵی ٢٠١٣ كرد، ئەم بزوتنەوەیە پەیام و بەرنامەیەكی هەبوو كە لە دوو بەشی سەرەكی و هەشت تەوەر پێكهاتبوو لە تەوەری سێیەم دا لە لقی چوارەمدا ئاماژە بە چاككردن و پەرەپێدانی ئەم كەرتە كرابوو لەوانە:

تەوەری سێیەم: سیاسیەتی ئابوری و بنیاتنانی ژێرخان:

چوارەم: بنیاتنانی ژێرخانی هەرێم و ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیجی: لە چەند خاڵێكی نا زنجیرەیی ئاماژە بە پلانی ئەم لیستەكرابوو لە ئەگەری گەیشتنیان بە دەسەڵات لەوانە:

١-دانانی پلانێكی ستراتیجی بۆ پەرەپێدانی ئاسۆیی لە بوارەكانی ڕێگەوبان، ...

٢-ئەنجامدانی زنجیرەیەك پرۆژەی ستراتیجی لە بوارەكانی ڕێگاوبان، هێڵی شەمەندفەر، كارەبا، نەوت و گاز...

٣-پرۆژەی ستراتیجی لە بواری بنیانتانی كەمپی گەورەی یەكەكانی نیشتەجێ بوون لە هەموو شار و شارۆچكەیەك بە هەموو پێداویستی خزمەتگوزارییە شارستانیەكانەوە بۆ هاوڵاتیانی كرێنیشن...

٤-دانانی نەخشەیەكی گشتی بۆ بە شارستانیكردنی هەموو قەزا و ناحیەكان و قەڵاچۆكردنی بێدانی لە ئاوەدانكردنەوەی هەندێكیان و پشتگوێخستنی هەندێكی تریان.

٥-دانانی پلانێكی نیشتمانی بۆ دامەزارندنی گوندی هاوچەرخ، وەك ناوەندی گوندێكی لێك نزیك بە هەموو پێداویستی و ئامرازەكانی ژیانی هاوچەرخەوە.

٦-بەستنەوەی ناوچە دورە دەستەكان بە مەڵبەندی شارەكانەوە، لە ڕێی تۆڕی ڕێگاوبان و پۆستە و گەیاندنی هاوچەرخەوە.

٧-بایەخدانی تایبەت لە ڕووی پرۆژەكانی ژێرخان و ئاوەندانكردنەوە بەو ناوچانەی كە خاوەن سامانی سروشتین.

٨-٠ پەیڕەوكردنی پلەبەندی و دانانی ئەولەویەت لە چارەسەركردنی كێشەكانی ئۆردوگاكاندا...

ئەمەو چەندین بەڵێنی تریی ناڕاستەوخۆی تایبەت بەم كەرتە[٨].

---

٧ – پارتی دیموكراتی كوردستان، بەرنامەی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، بە بێ هیچ زانیارییەكی تر، ل٣٤-٤٠.

★ - بزوتنەوەی گۆڕان: هێزێكی سیاسی مەدەنی سەردەمیانەیە ، خوازیارە لە ڕێگەی وەرگرتنی دەسەڵاتەوە گۆڕانكاری لە شێوازی حوكمكردن لـە هـەرێمی كورسـتان بهێنێتـە ئاراوە، هێزێكی نا ئایدۆلۆژییە، لە نیسانی٢٠٠٩ بزوتنەوەی گۆڕانیان پێك هێنا و بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی تەمووزی ٢٠٠٩ كرد، و پاشتر بەشداری سەرجەم هەڵبژاردنە عێراقی و كوردستانیەكانیان كرد. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناساندن و پەیام و بەرنامەی لیستی گۆڕان ، تكایە بڕوانە:بزوتنـەوەی گـۆڕان، پـەیام وبەرنامـەی لیسـتی گۆڕان،http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=23313&LinkID=14(٢٨ی ئابی ٢٠١٣)

٨ – هەمان سەرچاوەی پێشوو لە ٢٨ی ئابی ٢٠١٣ دا.

خۆ ئەگەر هەڵوێستە لەسەر ئەم کارنامەیە بکەین دەبینینلە ڕووی دەوڵەمەندنی بەرنامەکەیان بە پلەی دووەم دێت، بەڵام ئەمیش وەك کارنامەی پارتی ڕامیاری پێشوو تر، ئەگەری جێ بەجێ کردنی ئەگەرێکی لاوازە، چونکە ئەگەری جێ بەجێ کردنی لەوەها بارودۆخێکی وەك ئێستادا نا کردەییە.

٣- بەرنامەی یەکێتی نیشمانی کوردستان[*] دا.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە دروشمی (یەکێتی نیشتمانی ، ئازادی و ئاوەدانی) بە لیستی ژمارە ١٠٢ چوە بانگەشەی هەڵبژاردنەوە و توانی پلەی سێیەمی هەڵبژادنەکە بەدەستبهێنێت،وەك هەر یەکێك لە پارتە ڕامیارییەکانی تر بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی تایبەت بەخۆی هەبوو کە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتبوو، ئەمەش دابەش کرابوو بەسەر چەندین ناونیشانی لاوەکی و خاڵی لاوەکی تر دا بۆ نمونە بەشی سێیەم تەرخانکرابوو بۆ ژێرخانی ئابوری، ئەمیش دابەش کرابوو بەسەر هەشت کەرتدا، کەرتی پێنجەم تەرخانکرابوو بۆ کەرتی گواستنەوە و گەیاندن، ئەمەو جگە لەوەی لە کەرتەکانی تریشدا نا ڕاستەخۆ باس لە پەرەپێدانی ئەم کەرتەکرابوو.

پێنج: کەرتی گواستنەوە و گەیاندن

١- داڕشتنی پلانێکی ستراتیجی بۆ کەرتی گواستنەوە و گەیاندن، بۆ ئەوەی ئەم ڕۆڵێ گرنگی خۆی لە پێشخستنی ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بگێڕێتن ئەمەش پێویستی بە دەستەبەری گواستنەوە و سەیارەی نوێ و ڕێگرتن لە کامیۆنی کۆن و پاسی کۆن ، هەیە.

٢- ڕێکخستنەوەی کاری کۆمپانیاکانی گواستنەوە و ئینتەرنێت و ئایتی، لە ڕێی دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت بەو بوارە، بۆ ئەوەی بخرێنە خزمەتی هەموو لایەك و کەسایەتی و نهێنی ژیانی هاوڵاتیش پارێزراوبێ.

٣- هەوڵدان بۆ پێکەوە گرێدانی هەموو شارو قەزا و ناحییە و گوندەکانی هەرێمی کوردستان بە تۆڕێکی ڕێگاوبانی گونجاو، سەلامەتی هاتوچۆدەستەبەر بێ.

٤- ڕێکخستنەوەی سیستمی گواوستنەوەی ناوەندەکانی شارو قەزاکان، بۆ کەمکردنی ئەو گوشارەی لەسەر ڕێگاوبانەکان هەیە.[٩]

ئەم کارنامەیە لە ڕووی هەمەچەشنەییەوە بە پلەی سێیەم دێت، بەڵام جێ بەجێکردنی هەندێك لە بەڵێنەکان ناواقعین لە وەها بارودۆخی ئێستای هەرێم دا.

٤- بەرنامەی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان[*] دا.

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان وەك پارتێکی سەرەکی ئیسلامی بەشداری لە بانگەشەی هەڵبژاردن کرد بە لیستی ژمارە ١٠٥، ئەم پارتەش وەك پارتەکانی دی ٨١ دروشمی هەبوو بۆ ئەندامان و لایەنگران و دەنگدەرانی باشوری

[*] - یەکێتی نیشتمانی کوردستان: حزبێکی سۆشیال دیموکراتی گەلی کوردستانی عێراقە، لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ دامەزراوە، تا ئێستا سێ گۆنگرەی بەستوە، سکرتێرەکەی جلال تالەبانی-یە لە ساڵی (٢٠٠٦- ٢٠١٤) سەرۆك کۆماری عێراق بوە، لە ( ٢٠١٤- ئێستا) د.فواد معصوم-ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و یەکێك لە دامەزرێنەرانی ی ن ك سەرۆك کۆماری عێراقە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دروست بوون و مێژوو و پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرام و هەڵبژاردنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تکایە بڕوانە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان: http://www.pukpb.org/so/Home (٢٠١٥/٢/٢٥).

[٩] -یەکێتی نیشتمانی کوردستان،بەرنامەی لیستی(١٠٢)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ هەڵبژرادنی پەرلەمانی کوردستان، http://pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=17917،(١٨ئەیلوی ٢٠١٣).

[*] - پارتێکی ئیسلامی چاکسازی نیشتمانییە، تێدەکۆشێت لە پێناو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و دروست کردنی دەسەڵاتێکی دادگەر، لە ساڵی ١٩٩٤ دروست بوە، تا ئێستا شەش کۆنگرەی بەستوە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میتۆد و پەیڕەوی ناوخۆی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان تکایە بڕوانە:اتحاد الاسلامي الكوردستاني،المناهج والنظام الداخلي للاتحاد الاسلامي الكوردستاني،بدون معلومات اخرى،٢٠١٢.

کوردستان بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی هەرێم دا، ئەم لیستەلە ٨١ خاڵدا کارنامەکەی خستبوە ڕوو، ئەگەر چی هەندێك خاڵ تەنها دروشم بوون و داوایان دەکرد دەنگ بدەن بە لیستەکە، بەڵام لە چەند خاڵێکدا ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ بەڵێنی باشتکردنی ئەم کەرتەیان دابوو، لەوانە:

٤٩- بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری هەرێم ...

٥٦-گەشەدان بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆیان.

٥٨- پەرەندان و فراوانکردنی خزمەتگوزارەییە شارەوانییەکان و چارەسەری یەکجارەکی کێشەکانی کارەبا و ئاو و سوتەمەنی و جێبەجێکردنی پرۆژەی تایبەت بە ڕێگاوبان و گواستنەوە[10].

ئەم بەرنامەیەش وەك بەرنامەکانی تری پارتە بەشدارەکانی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردن، تەنها دروشم بوو، ئەگین لە ئێستادا دانیشتوانی هەرێم، لە قەیرانێکی سەختی بێ خزمەت گوزاریدا دەژین.

٥- پەیامی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان*

کۆمەڵی ئیسلامی بە دروشمی" دادگەری" و لە ژێر سێبەر و فەرمانی ئایەتی خودای دادگەر" ان الله يأمر بالعدل والاحسان" بە لیستی ژمارە (١٠٤) چوە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە، ئەم پارتە ئیسلامیە وەك سەرجەم پارتە بەشداربوەکانی تر، لە پرۆسەی بانگەشەدا پەیامی خۆی بۆ دەنگدەرانی کوردستان ئاشکراکرد لە سێ تەوەری سەرەکیدا(ڕامیاری،ئابوری،کۆمەڵایەتی) لە ٤٩ خاڵ و لقدا جێکرابونەوە .

لە تەوەرەی دووم دا: لە بواری ئابوری دا تەنها بە دوو خاڵ ئاماژە بۆ باشترکردنی ئەم پرسە دەکەن ، کە ئەوانیش بریتین لە[11]:

٧- بوژاندنەوەی کەرتی گواستنەوەی گشتی.

٨- پەرەپێدانی ڕێگەوبان لە ڕێگەی چاککردنەوەی ڕێگەکان و ڕکێشانی ڕێگەو شەقامی نوێ و چاکسازی لە بواری ڕێگە و باندا.

کارنامەی ئەم لیستە لە هەموو کارنامەکانی تر لاواز تربوو، ئەمە جگە لەوەی تەنها دروشمی گشتی بوون و هیچ پلان و ستراتیجێکی نوێی تێدا نەبوو بۆ باشترکردنی ئەم کەرتە لە ئەگەری گەیشتنیان بە دەسەلاّت دا.

## باسی دووەم: گواستنەوە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا:

بە بڕیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ٢٧ی ئابی ٢٠١٣ دیاریکرا بۆ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن و سەر ئەنجام ٣١ قەوارە و لیست و کەسایەتی چوونە پرۆسەی بانگەشەوە،بە گەورەترکردنی قەبارەی گرفتی گواستنەوە لە هەرێم لەماوەی پرۆسەی بانگەشەدا، بەڵێنیان بە دەنگدەران دەدا لە ئەگەری دەرچونیان کەرتی گواستنەوەی هەرێم بەرەو باشتر و بە دامەزراوەیی کردنی زیاتری دەبەن، چونکە بە سود وەرگرتن لە شەقام

---

١٠ – یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان،دروشمەکانی هەڵبژاردن،http://www.kurdiu.org/pages.php?pageid=453 ،(١٩ی ئەیلولی٢٠١٣).

*– کۆمەڵی ئیسلامی وەك لەماددەی دووەمی بەشی یەکەمی بنەماگشتییەکانیدا هاتوە: پارتێکی ئیسلامییە، بۆ پیادەکردنی بەرنامەی ئیسلام لە کوردستان و عێراقداو چەسپاندنی مافە ڕەواکانی کوردستان تێدەکۆشێت.لە ٣١ی ئایاری ٢٠٠١ دروست بووە و تا ئێستا دوو کۆنگرە و کۆنفرانسێکی بەستوە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مێژوو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، تکایە بڕوانە: هەموارکراو لە کۆنفرانسی مانگی ئەیلولی ٢٠١٢، پەیڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان/عێراق، بە بێ هیچ زانیارییەکی تر، ل٣-٤٢.

١١ – کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان،بەرنامەی لیستی ١٠٤ی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، http://www.payam.tv/Detail.aspx?id=38068&LinkID=4،(٢٤ئابی ٢٠١٥).

و هۆی گواستنەوەی میری و بەکارهێنانی ڕێگا و کەل و پەلی پەیوەست بە ڕێگای گواستنەوە(ترافیك لایت ،ستونی رووناکی،هێمای هاتوچۆ،بەرزەپرد و نزمەپرد...)گرفتی گواستنەوەیان لەهەرێم گرفتارترکرد، چونکە ئەم هۆکارانە بەکاردەهێنران بۆ نمایش کردنی کاندید و بەرنامە هەڵبژاردنەکەیان: لەوانەش:

١- بەکارهێنانی پرد(پەرزەپر و نزمە پرد):

پارتە ڕامیارییەکان بۆ ناساندنی زیاتری کاندید و بەرنامە هەڵبژاردنەکانیان پەنایان بۆ هەموو شێواز(یاسایی و نایاسایی)ەکانی نمایش کردن دەبرد،ئەوەی گرنگ بوو زۆرترین دەنگدەر ئاشناکەن بە بەرنامە هەڵبژاردنەکانی خۆیان، لەوانە بەکارهێنانی پردەکان بەگشتی بە تایبەت بەرزەپردو نزمە پردەکان، چونکە لە ماوەی نزیکەی ٢٥ڕۆژی بانگەشەی هەڵبژاردندا زۆرترین لە دانیشتوانی هەرێم بە تایبەت دەنگدەران وەك چینی لاو هێزی کار لە جوڵە و هاتوچۆکردندا دەبن، بەکارهێنانی ئەم شوێنانە بۆ گرنگی ستراتیجی ئەم شوێنانە دەگەڕێتەوە چونکە دروست کردنی ئەم شوێنانە لە بنەڕەتدا بۆ کەم کردنەوەی فشاری هاتوچۆ بوە و ئەمە و جگە لە بەرزی شوێنی تابلۆ و پۆستەر و ریکلامەکان کە زۆر بە باشی لە لایەن خەڵکی بە گشتی و دەنگدەران بە تایبەتی دەتوانرا ببینرێن. پاش تێپەڕ بوونی نزیکی دوو ساڵ بەسەر ئەنجام دانی پرۆسەکەدا تا ئێستاش پۆستەرەکان لە شوێنە گشتیەکان هەر بونیان هەیە، بڕوانە وێنەکانی ژمارە(١ و ٢).

وێنەی ژمارە(١)

بەکارهێنانی بەرزە پرد بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن




فۆتۆ: توێژەران لە١٨ئەیلولی ٢٠١٣ دا

وێنەی ژمارە(٢)

بەکارهێنانی بەرزە پرد بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن




فۆتۆ: توێژەران لە١٨ئەیلولی ٢٠١٣دا

٢- بەکارهێنانی ستونی تایبەت بە ڕووناککردنەوەی شەقامەکان.

بەکارهێنانی ستونی تایبەت بە ڕووناکردنەوەی شەقامەکان بە هۆی زۆری گرنگی و لێکەوتەیی ستونەکان دێت بە دانیشتوان و زۆری ژمارەی ستونەکان و ئاسانی لە بەکارهێنانی نمایش کردن، بۆیە پارتە کوردستانیەکان بە شێوەیەکی زۆر بەر بلاو ستونی ڕووناکیان بەکارهێنا لە پرۆسەی بانگەشەدا ، بڕوانە وێنەکانی ژمارە(٣و ٤).

٣- بەکارهێنانی شوێنی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ:

پارتە ڕامیارییەکان پەنایان بۆ هەموو ئەو شوێنانە دەبرد کە پێیان وابوو زۆرترین هاوڵاتی و دەنگدەر دەتوانێت بە کارنامەیان پارتەکەی ئاشنا بێت، گرنگ نەبوو قەدەغەکراو بوو یان نا میری بوو یان تایبەت، بڕوانە وێنەی ژمارە(٥).

وێنەی ژمارە(٣)

بەکارهێنانی ستونی ڕووناکی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن




فۆتۆ: توێژەران لە١٩ئەیلولی ٢٠١٣ دا

وێنەی ژمارە(٤)

بەکارهێنانی ستونی ڕووناکی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن




فۆتۆ: توێژەران لە١٩ئەیلولی ٢٠١٣ دا

وێنەی ژمارە(٥)

بەکارهێنانی شوێنی کارمەندانی هاتوچۆ لە پرۆسەی بانگەشدا




فۆتۆ: توێژەران لە١٩ئەیلولی ٢٠١٣

٤- بەکارهێنانی تابلۆی تایبەت بە هێمای هاتوچۆ و ناو و ناونیشانی یەکە کارگێڕیەکانی هەرێم.

کیان و قەوارە و پارتە ڕامیارییەکان لە میانەی بانگەشەدا پانایان بردە بەر سود وەرگرتن لە تابلۆی تایبەت بە هێمای هاتوچۆ و ناو ناونیشانی یەکە کارگێڕییەکان بە بێ ڕەچاوکردنی گرنگی هێماکانی هاتوچۆ لە هۆشیارکردنەوەی شۆفێران لە کەمکردنەوەی خێرایی بۆ خێرایی پێویست و پیشاندانی ئاڕاستەکانی پێچکردنە وەو هێماکردن بە شوێنە فەرمییەکان یان یەکە کارگێڕییەکان. کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر زۆر بوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و کەوتنەوەی قوربانی لێی، یان بەلانی کەم دەبێتە هۆی پەرش و بلاوی تەرکیز شۆفێر لە ئەنجامی قەرەباڵغی شەقامەکان بە پۆستەرات و شاردنەوەی هێماکانی هاتوچۆ پێیان، بڕوانە وێنەکانی ژمارە(٦و ٧)

وێنەی ژمارە(٦)

بەکارهێنانی هێمای هاتوچۆ بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن




فۆتۆ: توێژەران لە١٩ئەیلولی ٢٠١٣ دا

وێنەی ژمارە(٧)

بەکارهێنانی ناونیشانی یەکە کارگێڕییەکان بانگەشەی هەڵبژاردندا




فۆتۆ: توێژەران لە١٩ئەیلولی ٢٠١٣ دا

٥- لابردن یان کەم کردنەوەی کامێرای تایبەت بە دیاریکردنی تیژڕەوی ئۆتۆمبێلی سەرپێچیکار:

یەکێکی تر لەو دیاردانەی کە لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردندا هەستی پێ دەکرێت بریتیە لە نەمان یان کەبوونەوەی کامێراکانی دیاریکردنی تیژڕەوی ئۆتۆمبێلی سەرپێچیکارە، ئامانجی پشتی ئەم کارەش دڵ نەیەشاندنی دەنگدەران بە گشتی و شۆفێران بە تایبەتی بوو لە پارتی باڵا دەستی ناوچەکە لە کاتی ئەنجام دانی تۆمارکردنی سەرپێچی لە لایەن کامێراکانی دیاریکردنی سەرپێچییەوە.

٦- سەرپێچیکردنی فرمانەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەرێم (گۆڕینی ڕەنگی ئۆتۆمبێل،داپۆشینی تابلۆی ئۆتۆمبێل،سەرخستنی نەفەر لە شوێنی قەدەغەکراوی ئۆتۆمبێل و ئەنجام دانی مانۆڕ بە ئۆتۆمبێلەکانیان و بەکارهێنانی بڵندگۆ و هۆڕنی ئۆتۆمبێل و قەرەباڵغ کردنی شەقامەکان بە بێ هۆ...)بڕوانە وێنەکانی ژمارە(٨، ٩و ١٠و ١١)

وێنەی ژمارە(٨)

داپۆشینی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە بانگەشەی هەڵبژاردندا




فۆتۆ: توێژەران لە١٨ئەیلولی ٢٠١٣

وێنەی ژمارە(٩)

گۆڕینی ڕەنگی ئۆتۆمبێل بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن




فۆتۆ: توێژەران لە١٩ئەیلولی ٢٠١٣دا

وێنەی ژمارە(١٠)

داپۆشینی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە بانگەشەی هەڵبژاردندا




فۆتۆ: توێژەران لە١٨ئەیلولی ٢٠١٣

وێنەی ژمارە(١١)

ئۆتۆمبێلی بێ ژمارە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا




فۆتۆ: توێژەران لە١٩ئەیلولی

**باسی سێیەم: پرسی گواستنەوە لە کابینەی هەشتەمدا:**

کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاش ٩ مانگ لە ململانێی سەختی نێوان لایەنە سیاسیە براوەکان پێکهات، نێچیرڤان بارزانی بەرنامەی کابینەکەی پێشکەش کرد کە لە(١١٨٥)ووشە پێکهاتبو، ئەوی کە پەیوەست بوو بە پرسی ڕێگاوبان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەم شوێوازانە گوازارشتی لێ کرابوو"کەمکردنەوەی جیاوازی هەلومەرجی ژیانی گوند و شار"،"بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی کارو ئاو کارەبا و ڕێگاوبان کە گونجاوبێت لەگەڵ گەشەی ئابوری بەرچاوی کوردستان..."*

ئەگەر لە ڕووی تیۆرییەوە بمانەوێت هەڵسەنگاندن بۆ کارنامەی کابینەی هەشتەم بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە بەرنامەکە زۆر کرچ و کاڵ و زیاتر لە شتی گشتی، هیچی پلان و دیدێکی ئایندەبینی و هیچ ئاسۆیەکی تێدا بە دی ناکرێت بۆ کەم کردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و کەمکردنەوەی قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و کەمکردنەوەی زیانە مادییەکانی هاتوچۆ،ئەمەو جگە لە نەبوونی پلان و ستراتیجی دوور (هەنوکەو دور ماوە بۆ ڕاکێشانی ڕێگای نوێی و فراوانکردنی ڕێگاکان و دروست کردنی تونێل و بەرزە پرد و نزمە پرد... و دەرباز کردنی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل لە قۆرغکاری چەند کۆمپانیایەکی دیاری کراوی تایبەت بەم بوارە گرنگی نەدان بە کەرتی گشتی و ڕانەکێشانی هێڵی ئاسنین...

ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ دروشمی تایبەت بە کەرتی گواستنەوە بکەین لە کارنامەی کابینەی هەشتەمی کوردستان دەبینین کە ئەم ئامانجانە لەتەمەنی ئەم کابینەیەدا نەك نەهاتۆتە دی بەڵکو قەیرانەکانی بێ ئاوی و بێ کارەبایی و بێ سوتەمەنی(بەنزین، غاز...) بێ خزمەت گوزاری و بێ مووچەیی...) ڕۆژ ل دوای ڕۆژ لەهەرێمەکەدا زیاتر بووە

* – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارنامەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم و ناوی وزیرەکانی کابینەکە و گرنگی ژینگە لەم کابینەیەدا، تکایە بڕوانە:ا– نێچیرڤان بارزانی، بەرنامەی کابینەی هەشتەم، http://cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=13&s=000000&r=424&p=355&h=1&t=0 (١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٤)

ب– پەرلەمانی کوردستان، سەرۆك و جێگر و وەزیرەکانی کابینەی هەشتەم سوێندی یاسایان خوارد. http://www.perleman.org/Default.aspx?page=article&id=19623 لە (١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٤)

بەهۆی برینی بەشە بوودجەی هەرێم لە لایەن بەغدادەوە لەشوباتی ٢٠١٤ و پاشتر داگیرکردنی بەشێك لە خاکی باشورو باشوری ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن داعشەوە، حکومەتی هەرێم نەیدەتوانی مووچەی موچەخۆرانی حکومەتی هەرێمیش دابین بکات، نەك جێ بەجێکردنی پلانە کورت خایەنەکانی تایبەت بە کەرتی گواستنەوە.

خۆ ئەگەر لەسەر ئەرزی واقعیش تەماشا بکەین دەبینین کە ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەردەوام ڕوو لە هەڵکشان بووە، بۆ نمونە ئەگەر تەنها ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ وەربگرین لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٤ ئەوا زۆر بە ڕوونی ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت،کە ساڵ لە دوای ساڵ ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە هەرێم دا ڕوویان لەزیاد بوون کردووە، بۆ نمونە ڕووداوەکانی سێ پارێزگاکەی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٣ دا (٧٨٠)ڕووداو لە چاو ساڵی ٢٠١٢دا زیادیان کردووە واتە لەساڵی ٢٠١٣دا بە ڕێژەی(٢٤.٨٪)ی ساڵی پێشوو ڕووداوەکان زیادیان کردووە،ئامارەکانی ڕووداوی ساڵی ٢٠١٤دا(٦٤٢)ڕووداو زیاترە لە ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٣، واتە بە ڕێژەی(١٣,٤٪) ساڵی ٢٠١٣ دا زیادیان کردوە خۆ ئەگەر ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٤ بەراورد بکەین بە ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٢ ، ئەوا لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا (١٤٢٢)زیادی کردووە، واتە بەڕێژەی(٤٥,٣٪)) لە چاو ساڵی ٢٠١٢ دا ڕووداوەکان زیادییان کردووە، بڕوانە خشتەی ژمارە(٢).

خشتەی ژمارە (٢)

ژمارە و ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٤)دا

| ساڵ | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆك | ٪ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٢ | ١٢٧٧ | ٤٠.٧ | ١٢٢٣ | ٣٩ | ٦٣٥ | ٢٠.٣ | ٣١٣٥ |
| ٢٠١٣ | ١٥٠٧ | ٣٨.٥ | ١٠٨٩ | ٢٧.٨ | ١٣١٩ | ٣٣.٧ | ٣٩١٥ |
| ٢٠١٤ | ١٤٥١ | ٣١.٨ | ١٩٧٤ | ٤٣.٤ | ١١٣٢ | ٢٤.٨ | ٤٥٥٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، بەشی ئامار، ئاماری ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ڕووداویانکردووە و تۆمارکراون لە هاتووچۆی هەرێم، بەبێ ژمارەی پەڕە.

ئەمە جگە لە نەبوونی پلانێکی زانستی بۆ زیادکردن و فراوانکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ و دروست نەکردنی هاوسەنگی لەگەڵ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل، بڕوانە خشتەی ژمارە(٣).

خشتەی ژمارە (٣)

زیاد بوونی ژمارەو ڕێژەی ئۆتۆمبێل لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٤)دا

| ساڵ | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆك | ٪ | سەرجەم | بری زیاد بوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | ژمارە | (٪) |
| ٢٠٠٩ | ٣٣٠٣٣٧ | ٥٣.٥ | ١٣٨٣٥٤ | ٢٢.٤ | ١٤٨٨٨٤ | ٢٤.١ | ٦١٧٥٧٥ | | |
| ٢٠١٠ | ٣٥٣٩٦٣ | ٥١.٨ | ١٨٦٩٨١ | ٢٧.٤ | ١٤٢٤٤٥ | ٢٠.٨ | ٦٨٣٣٨٩ | ٦٥٨١٤ | ١٠,٦٥ |
| ٢٠١١ | ٤٩٣١٥١ | ٥٤ | ٢٣١٩٧٠ | ٢٥.٥ | ١٨٦٩٩٨ | ٢٠.٥ | ٩١٢١١٩ | ٢٢٨٧٣٠ | ٣٣.٤٦ |
| ٢٠١٢ | ٤٨٩٠٢٠ | ٥١.٧ | ٢٧٩٠٨٠ | ٢٩.٥ | ١٧٧٦٩٣ | ١٨.٨ | ٩٤٥٧٩٣ | ٣٣٦٧٤ | ٤ |

| ساڵ | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆك | ٪ | سەرجەم | بری زیاد بوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | ژمارە | (٪) |
| ٢٠١٣ | ٥٦١٥٣٣ | ٥١.٦ | ٣٢٣٩٢٥ | ٢٩.٧ | ٢٠٣٣٧٦ | ١٨.٧ | ١٠٨٨٨٣٤ | ١٤٣٠٤١ | ١٥,١ |
| ٢٠١٤ | ٦١١٩٧٠ | ٤٨.٨ | ٤١٩١٤١ | ٣٣.٤ | ٢٢٣٣٩١ | ١٧.٨ | ١٢٥٤٥٠٢ | ١٦٥٦٦٨ | ١٥,٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، بەشی ئامار، ئاماری ژمارەی ئۆتۆمبێل لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بەبێ ژمارەی پەڕە.

ئەگەر سەیری خشتەی سەرەوە بکەین دەبینین کە زیاد بوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩–٢٠١٤ بەم ڕێژەیە زیادی کردووە لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٩–٢٠١٠)بە ڕێژەی(١٠,٦٥٪)و لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠–٢٠١١ بە ڕێژەی(٣٣,٤٦٪)و لە نێوان ساڵانی ٢٠١١–٢٠١٢ بەڕێژەی(٤٪) و لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢–٢٠١٣ بە ڕێژەی(١٥,١٪)و لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣–٢٠١٤ بە ڕێژەی(١٥,٢٪)زیادی کردووە، بەڵام لە بەرامبەر دا زیاکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ زۆر هێواشە، بڕوانە خشتەی ژمارە(٤).کە درێژی و ڕێژەی ڕێگاکانی هاتوچۆ لە پارێزگای سلێمانیدا* لە نێوان ٢٠ ساڵ دا ڕووندەکاتەوە

خشتەی ژمارە(٤)

زیاد بوونی درێژی و ڕێژەی ڕێگاکانی هاتوچۆ لە پارێزگای سلێمانیدا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠–٢٠١٠دا

| ساڵ | درێژی ڕێگا بە(کم) | زیاد بوونی ڕێگابە (کم) | زیاد بوونی ڕێگا(٪) |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٠ | ١٤١١ | | |
| ٢٠١٠ | ٢١٦٤ | ٧٥٣ | ٥٣,٣ |

سەرچاوە: شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا،نامەی ماستەر، پێشکەشی بەشی جوگرافیای کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،بلاُونەکراوە، ٢٠١١،ل٣٩و٥٢.

ئەگەر بڕوانین لە نێوان ساڵانی( ١٩٩٠– ٢٠١٠ )کە دەکاتە ٢٠ ساڵ ڕێگاکان تەنها بە ڕێژەی(٥٣,٣٪)زیادیان کردوە، بەڵام تەنها لەماوەی پێنج ساڵدا واتە لە نێوان (٢٠٠٩–٢٠١٤)ئۆتۆمبێلەکان بە ڕێژەی (١٠٣٪)* زیادیان کردووە.ئەمەش ناهاوسەنگی گەشەکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆو زیاد بوونی ئۆتۆمبێلمان بۆ دەردەخات کە نزیکە لە(١–٨).

## دەرئەنجام

* – بەهۆی دەستەبەر نەبوونی داتا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ناچار بووین ئاماژە بە پارێزگای سلێمانی بدەین.

* – کاری توێژەران بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە(٣).

لە توێژینەوەکەدا گەیشتوینەتە چەند دەرئەنجامێك کە ئەوانیش بریتین لە:

١- بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی هەرێمی کوردستان، تەنها گواستنەوەی ووشکانی و گواستنەوەی ئاسمانی هەیە، تا ئێستا گواستنەوەی شەمەندەفەر و ترام...ی نییە بۆیە گواستنەوە بە ئۆتۆمبێل تاکە هۆکاری گواستنەوەی ناوخۆی هەرێمەکەیە.

٢- تا ئێستا گرفتی گەورە لە کەرتی گواستنەوە(ڕێگای ووشکانی) هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، وەك کەمی و کۆنی و تەسکی و خراپی کوالێتی.

٣- خراپی کوالێتی و کەمی... ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستاندا لەو هۆکارانە هەژمار دەکرێن کە بەپرسن لە زیاد بوونی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە هەرێم دا ساڵ لە دوای ساڵ و زیاد بوونی قوربانی ، ئەمە جگە لە زیانی مادی.

٤- لە کاتی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردندا ئەم کەرتە بوە قوربانی لایەنە بانگەشەکارەکانی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردن، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی ئەم کەرتە بۆ بەرژەوەندی بانگەشەی حزبی و گەیشتن بە دەسەڵات.

٥- هیچ کام لە بەرنامەی پارتە سەرەکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، پشت ئەستور نەبوو بە پلانێکی زانستی تۆکمە چ هەنووکەی بێت چ دور ماوە بێت.

٦- پاش گەیشتنی پارتە ململانێکارەکانی پرۆسەی بانگەشە و هەڵبژاردن، گرفتەکانی ئەم کەرتە زیاتر بوو، نەك ئەوەی بانگەشەیان بۆ دەکرد بۆ باشتر کردن و پێشخستنی زیاتری.

٧- کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم هەوڵێکی ئەو تۆی نەداوە کە شایانی ئاماژە پێکردن بێت لە پێشخستن و پەردان بە کەرتی گواستنەوە و ڕۆڵی هەبێت لە کەم کردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە هەرێم دا.

## پێشنیار

بەمەبەستی باشترکردنی ئەم کەرتە دەبێت چەند هەنگاوێك بگیرێتەبەر چ لەسەر ئاستی حکومەت بێت، چ لەسەر ئاستی حزبی بێت، چ لەسەر ئاستی تاکە کەس بێت لەوانە:

١- دەبێت حکومەت لە ڕێی وەزارەتە پەیوەندی دارەکانی وەك ڕۆشنبیری و پەروەردەو خوێندنی باڵاو وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەوقاف و کاروباری ئاینی ... بەشێوەیەکی زۆر چڕ هەستێت بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیر هاتوچۆ لە نێوان هاوڵاتیاندا، چ بە ئەنجام دانی سیمینار و ۆرك شۆپ، چ بە ئەنجام دانی مێزگرد یان لە ڕێگای مینبەری ئاینی و میدیاکانەوە بێت.

٢- دەبێت حکومەت پشت ببەستێت بە توێژینەوەی زاستی و دەرئەنجام و ڕاسپاردەی کۆنگرەی زانستی و ڕەچاوکردنی قەیرانی ئێستای ئابوری و سەربازی ... هەرێم، لە دروست کردنی شەقامی نوێ یان نۆژەنکردنەوە یان فراوانکردنی شەقامەکان. ئەویش بە هاندانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان چ لەسەر ئاستی ناوخۆ بێت یان لەسەر ئاستی هەرێمی یان نێودەوڵەتی شارەزا لە بواری دروست کردنی ڕێگاوبان.

٣- تێپەڕووبوونی هەموو ئۆتۆمبێلێك بە کوالیتی کۆنترۆڵدا، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هاوردەکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە کوالێتی نزمیان هەیە، تا نەبنە مایەی زیانی گیانی و مادی بۆ هاولاتیانی هەرێم.

٤- دانانی مەرجی زۆر توندی وەك بێبەری کردنی هەر قەوارەیەکی ڕامیاری بەشدار لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردن لە ئەگەری بەکارهێنانی ڕێگاکان و هۆیەکانی گواستنەوە بەشێوەیەکی نایاسایی، تا ڕووداوی هاتۆچۆ نەخوازراوی لێنەکەوێتەوە، جگە لە خراپ بوونی ڕێگاکانی هاتوچۆ و پیشاندانی دیمەنێکی نا شارستانی گەلی کورد بە کۆمەڵگای جیهانی.

٥- فراوانکردنی شەقامەکان و جیاکردنەوەی شەقامەکان بەمەبەستی بەکارهێنانی هۆکاری گواستنەوەی گشتی وەك شەمەندەفەر و ترام و پاس و بایسکڵ... هاندانی هاولاَتیان بۆ بەکارهێنانی زۆرترین هۆی گواستنەوەی گشتی لەبری هۆکاری گواستنەوەی تایبەتی.

## سەرچاوەکان


یەکەم/ سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١- پەرتوك

أ- عەلی، نیاز سەعید ،پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان،ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران،٢٠١١.

ب- کەریم، ئەحمەد ڕەفیق ، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا)،چ١، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠١٤.

٢- نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا

أ-محمد،شاد حمید ، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا،نامەی ماستەر، پێشکەشی بەشی جوگرافیای کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،بڵاونەکراوە، ٢٠١١.

٣-بڵاوکراوەی پارت و ڕێکخراوە حکومی و نا حکومییەکان:

أ- بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەشی ئامار، ئاماری بلاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

ب- بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، بەشی ئامار، ئاماری ژمارەی ئۆتۆمبێل لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بەبێ ژمارەی پەڕە.

ت- بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، بەشی ئامار، ئاماری ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ڕووداویانکردووە و تۆمارکراون لە هاتووچۆی هەرێم.

پ- پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بە بێ هیچ زانیارییەکی تر.

ج- هەموارکراو لە کۆنفرانسی مانگی ئەیلولی ٢٠١٢، پەیڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان/عێراق، بە بێ هیچ زانیارییەکی تر.

دووەم/ سەرچاوەكانی بە زمانی عەرەبی

١- پەرتوك

أ- السامرائي،أحمد حسون و فضيل،عبد خليل ، جغرافية النقل و التجارة الدولية، دار الحكمة، ١٩٩٠،ص ١١.

ب- السماك ،محمد أزهر سعيد و أخرون، جغرافية النقل بين المنهجية و التطبيق، ط١، دار بن الأثير،موصل، ذ٢٠٠٨.

ت- طلب،جزا توفيق ، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في أقليم كردستان ،ط١، مركز كردستان للدراسات الآستراتيجية، سليمانية،٢٠٠٥.

ث- عبدة،سعيد ، أسس جغرافية النقل ، ط١، الأنجلو، قاهرة.

٢-بڵاوكراوەی پارت و ڕێكخراوە حكومی و نا حكومییەكان

أ- اتحاد الاسلامي الكوردستاني،المناهج والنظام الداخلي للاتحاد الاسلامي الكوردستاني،بدون معلومات اخرى،٢٠١٢.

سێیەم/ سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی

١- بڵاوكراوەی پارت و ڕێكخراوە حكومی و نا حكومییەكان

a- Kurdistan highway master plan ,diagnostics review report, dar al handasa,2010.

چوارەم/ وێب سایت

١. بزوتنەوەی گۆڕان، پەیام وبەرنامەی لیستی گۆڕان،http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=23313&LinkID=14(٢٨ی ئابی ٢٠١٣).

٢. پەرلەمانی كوردستان، سەرۆك و جێگر و وەزیرەكانی كابینەی هەشتەم سوێندی یاساییان خوارد. http://www.perleman.org/Default.aspx?page=article&id=19623 لە (١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٤).

٣. حكومەتی هەرێمی كوردستان، پوختەیەك دەربارەی هەرێمی كوردستان. http://cabinet.gov.krd/(٢٥ئابی ٢٠١٥).

٤. سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، پرۆفایلی سەرۆك. http://www.presidency.krd/kurdish/pdisplay.aspx?sm=KozbdLBXCcM=(٢٠/٢/٢٠١٥).

٥. كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان،بەرنامەی لیستی ١٠٤ی كۆمەڵی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان،http://www.payam.tv/Detail.aspx?id=38068&LinkID=4 ،(٢٤ئابی ٢٠١٥).

٦. نێچیرڤان بارزانی، بەرنامەی كابینەی هەشتەم، http://cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=13&s=000000&r=424&p=355&h=1&t=0 (١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٤).

٧.  یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان،دروشمەکانی هەڵبژاردن، http://www.kurdiu.org/pages.php?pageid=453،(١٩ی ئەیلولی٢٠١٣).

٨.  یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان: http://www.pukpb.org/so/Home (٢٠١٥/٢/٢٥).

٩.  یەکێتی نیشتمانی کوردستان،بەرنامەی لیستی(١٠٢)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ هەڵبژرادنی پەرلەمانی کوردستان، http://pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=17917 ،(١٨ئەیلوی ٢٠١٣).

پێنجەم/ نەخشە و ئەتڵەس

أ-  حداد،هاشم یاسین حمد أمین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩.

ب-  خۆشناو،هۆشیار محمد امین ، حداد،هاشم یاسین حداد، عبدالرحمن، سردار محمد ، نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر، ٢٠٠٧.

شەشەم/ فۆتۆ

أ-  فۆتۆ: توێژەران لە١٨ی ئەیلولی ٢٠١٣ دا.

ب-  فۆتۆ: توێژەران لە١٨ی ئەیلولی ٢٠١٣دا.

ت-  فۆتۆ: توێژەران لە١٩ی ئەیلولی ٢٠١٣ دا.

پ-  فۆتۆ: توێژەران لە١٩ی ئەیلولی ٢٠١٣ دا.

ج-  فۆتۆ: توێژەران لە١٩ی ئەیلولی ٢٠١٣دا.

ح-  فۆتۆ: توێژەران لە١٩ی ئەیلولی ٢٠١٣دا.

خ-  فۆتۆ: توێژەران لە١٩ی ئەیلولی ٢٠١٣دا.

د-  فۆتۆ: توێژەران لە١٨ی ئەیلولی ٢٠١٣دا.

ژ-  فۆتۆ: توێژەران لە١٩ی ئەیلولی٢٠١٣دا.

ر-  فۆتۆ: توێژەران لە١٨ی ئەیلولی ٢٠١٣دا.

ز-  فۆتۆ: توێژەران لە١٨ی ئەیلولی٢٠١٣دا.

## کارنامەی پارتە سەرەکییە بەشداربووەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣دا، بواری گواستنەوە بە نمونە

کەرتی گواستنەوە بە شادەماری زیندووی هەر دەوڵەتێك دادەنرێت، پێشکەوتن یان دواکەوتنی ئەم کەرتە ڕەنگدانەوەی ئاستی پێشکەوتنی وولآتەکان دیاری دەکات،لەم سالأنەی دواییدا ئەم کەرتە لە هەرێمی کوردستاندا گەشەی باشی بە خۆیەوە بینیوە، بەلأم لەهێشتا نەتوانراوە سود لەو گرنگیە ستراتیجەی ببینرێت کە لە بنەڕەتدا هەیەتی، چونکە ئامارەکان پێمان دەڵێن قوربانیانی ئەم کەرتە ساڵ لە دوای ساڵ لە هەڵکشاندایە. ئەگەر چی پارتە بەشداربووەکانی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١٣ بە سود وەرگرتن لە کەرتی گواستنەوە بەڵێنیان بە هاولأتیان دا لە ئەگەری گەیشتنیان بە دەسەلأت لە ڕووی جۆرییەوە پەرە بەم کەرتە بدەن، بەلأم پاش گەیشتنیان بە دەسەلأت و تا ئێستاشی لەگەڵ بێت بەڵێنەکان جێبە جێ نەکراون و گرفتی گواستنەوە(ووشکانی) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەرێمەکەماندا لەزیاد بووندایە.

## برنامج الاحزاب الرئيسية المشاركة في الدعاية الانتخابية لبرلمان كوردستان٢٠١٣ قطاع النقل نموذجاً

يعتبر النقل بمثابة الشريان الرئيسي لأية دولة،حيث تعتمد تقدم الدول علي مدى تطور و الاهتمام بهذا القطاع الحيوي، و بالنسبة لاقليم كوردستان نلاحظ حدوث تطور نمواً سريعاً في قطاع النقل لان الاحصائيات الرسمية يشير الى ارتفاع عدد الضحايا في هذا القطاع و استفاد الاحزاب الكوردستانية المشاركة في انتخابات برلمان كوردستان٢٠١٣من قطاع النقل موضوعاً للدعاية الانتخابية و وعدوا الجماهير الكوردستانية اذا نالو بثقة الجماهير و صوتوا لمرشحيهم فأنهم يعملون جاهداً في سبيل تحسين و تطوير هذا القطاع، ولكن تلك الوعود الانتخابية لم تنفيذ و مشاكل النقل البري تفاقم يوماً بعد يوم.

## The kurdish main parties program for election parliament campaign in 2013, the transport as example

We can consider Transportation as an artery in each country, through this sector we know the progress of all the countries, there was development of transportation in Kurdistan regional government in the last years, but tell now we couldn't useful of the transfer according to their importance, therefore the statistical tells us victims will increase yearly. However Kurdistan regional government and Kurdistan parties take responsibility of the bad situation this sector.